**گفتوگۆی (همبستگی) لەگەڵ منصور حکمت دەربارەی لە باربردنی منداڵ:**

# ئازادی لە باربردنی منداڵ بۆتە زەروورەتێك

# لە بەرئەوەی زۆرێك لە ئازادیيە ئینسانیەکان لە ژنان زەوت کراوە

## وەرگێڕانی: بڕیار مەهدی

## پێداچوونەوەی: سەعید ئەحمەد

**سورەیا شەهابی: بەرلەوەی بچینە سەر خاڵە سەرەکیەکانی باسی لەباربردنی منداڵ، وەکو بەرگری لە "مافی بڕیاردان"، " مافی ژن بەسەر لەشی خۆیدا"، "بەرگری لە مافی ژیان" و سەرەنجام ئەم خواستە لە کۆمەڵگایەکی ئازادو ئینسانیدا، ئەمەوێ سەرەتا رای تۆ دەربارەی خاڵێك بزانم، ئەویش ئەوەیە، مخالەفەتی بەرنامە لەگەڵ خودی ئەم کردارە لە لایەکەوە و داواکاری قانوونی بوونی لە لایەکی ترەوە، چۆن لێك دەدەیتەوە؟ ئەڵێن مادام بەرنامە لەباربردنی منداڵ بە نیشانەی لەخۆبێگانەیی ئینسان دائەنێت، کەوایە پێویستە سەرەنجام دژی قانوونی بوونی لەباربردنی منداڵ بێت و گوایە موافەقەتی بەرنامە لەگەڵیدا تاکتیکە. لەم بارەیەوە ڕات چیيە؟**

منصور حکمت: لە بەرنامەی ئێمەدا ئەم شێوە مامەڵەیە نەبەبەندی لەباربردنی منداڵەوە مەحدود دەبێتەوە و راستیەکەشی نە شێوازێکی مەحدود بە ئێمەیە. زورێك لە پەیوەندی و مەسائیلە کۆمەلایەتیەکان هەن کە ئێمە لە کاتێك دا کە خوازیاری لە بەین چوونیانین لە هەمان کاتدا وەکو واقعیەتێکی ماددی و مەوجودی کۆمەڵگای ئێستا بەرەسمیيان دەناسین و هەوڵ ئەدەین کاریگەری خراپی ئەم پەیوەندی و مەسەلانە بەسەر ژیانی خۆمان و هەموو خەڵکەوە کەم بکەینەوە. شێوازی مامەڵەی بەرنامە لەگەڵ کاری کرێ گرتەدا ڕێك هەروایە. ئێمە خوازیاری لەبەین چوونی کاری بەکرێین، دنیایەك کە تیایدا کەسێك لە پێناو ژیانی روژانەیدا ناچارە توانای لەشی بە کەسێکی تر بەکرێ بدات، بە شەرمەزاری دەزانین بۆ بەشەرییەت. کاری بەکرێش هەروەك لە باربردنی منداڵ نیشانەی لەخۆ بێگانەیی ئینسانە. بەڵام بەشێکی زۆری بەرنامە پەیوەستە بەقانوون دانان بۆ هەل و مەرج و ڕێوشوێنی کاری بە کرێ لەم کۆمەڵگایەدا. مەقولەی دەوڵەت بە هەمان شێوە. مەقولەی دین بەهەمان شێوە. هەر لەم بەشی دووەمی بەرنامەیەدا ئێمە خوازیاری ئازادی بەکاربردنی هەندێ موادی مخدر و تەنانەت دابین کردنیشین لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەوانەی بە مەوادی مخدر ئالوودە بوون. وە ئەمە بەشەرتی لەبەین بردنی ئالوودەبوون بە موادی مخدر ئەزانین. ئێمە داوای سڕینەوەی یاساغ کردنی لەش فرۆشی و پشتیوانیی یاسامان کردووە لە لەش فرۆشان، وە ئەمە بە شەرتێکی لەبەین بردنی لەش فرۆشی دەزانین. موسیبەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە غەیرە قانوونی کردنی ئەو موسیبەتانەو تەمێ کردنی قوربانیەکانی وەلام نادرێتەوە. ئەمە بە تەنها قسەی ئێمە کۆمۆنیستەکان نیە، بەڵکو قسەی هەر کەسێکە کە شان بەشانی هەر ئەم شارستانیە ئەورووپاییە چووبێتە پێشەوە.

لە باربردنی منداڵیش ڕێك هەروایە. ئێمە لە باربردنی منداڵ بە کارێکی ڕاست نازانین. حەزمان دەکرد کۆمەڵگایەك هەبوایە کە بە هیچ جۆرێك ئەم مەسەلەیەی تیادا نەهاتایەتە پێشەوە. هیچ کەس کاری بەمە نەگەیشتایە و هەڵبژاردنێکی ئاوا هەرگیز نەهاتایەتە بەرەوە. ئایا ئەمە خواستێکی سەیرە؟ نەخێر. ئەمە خواستی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەو لە پێش هەموشیانەوە خواستی هەر کەسێکە، چ ژن و چ پیاو، کە لە ژیانی خۆی دا هەستی بە دەردی لە باربردنی منداڵ کردبێت. من کەسێك یا بزووتنەوەیەك شك نابەم کە خودی کرداری لە باربردنی منداڵ وەکو کردارێکی سەربەرزانەی ئینسانی تقدیس بکات. بێ ئیحساسی و لامبالاتی عاتفی لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا لە کوڕو کۆمەڵی ئوسولیيەکان لە بزووتنەوەی فیمینیستی دا دەبینرێ. بەڵام ئەمە زیاتر بەرەنجامی پەروەردەی سیاسی سکتاریستی و دەمارگیری ئایدۆلۆژی و فیرقەیی ئەوانە، تاوەکو ئەوەی گەڕانەوە بێت بۆ ئیحساسی واقعیيان وەکو ئینسان.

بەڵام هەر ئەوەندەی ئێمە بمانەوێ و ئارەزووبکەین واقعیەتی دەرەوەی ئێمە لە ناو ناچێت. حاملەبوونی نەخوازراوو پەشیمانی لە حاملەبوونی خوازراو لە ئارادایە، محدودیاتی مالیی و فەرهەنگی و سیاسی لە ئارادایە، زەخت و زۆر لەسەر ژنان بێ ئەندازە زۆرە و بە ناچاری بۆ ژمارەیەکی زۆریان لە باربردنی منداڵ وەکو تەنها ڕێگای دەرچوون لە گێژاوێك دێتە بەرچاو. لەباربردنی منداڵ واقعیەتێکی دنیای ئەمڕۆیە و کۆمەڵگا ناتوانێ گوێی خۆی لێ کەڕ بکات، ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات. دەبێ ڕێوشوێنی ئەم کردارە، کە سەربەخۆ لە

ئیرادەی هەردەوڵەت و حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی، بەهەرحاڵ مەوجودە ، دیاری بکرێت. قەدەغەکردنی لەباربردنی منداڵ تەمێ کردنی قوربانیانی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتی‌یەیە کە مەوجودە. ئەمە ناتوانێ هەڵوێستی ئێمە بێت.

بەرنامەی ئێمە رادەگەیەنێ کە کرداری لە باربردنی منداڵ بە نادروست و پێچەوانەی پرەنسیپە ئینسانیەکانی خۆی دەزانێ. بەڵام بڕوای وایە کە چ لە پێناوی پارێزگاری لە قوربانیەکانی محدودیاتی ئابووری و دواکەوتوویی فەرهەنگی لەم کۆمەڵگایەدا کە لە ئارادایە، وە چ بۆ خەبات لە بەرامبەر زەمینەکانی ئەم کردارەدا، پێویستە لە باربردنی منداڵ قانوونی بێت. راستیەکەی زۆربەی هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ( پروچویس) و کارگێرانی و پزیشکانی کلنیك (عیادە)کانی لە باربردنی منداڵ و یاسادانەرانی پرۆچویسی هەیئەی دەسەڵاتداری ئەمریکاش هەر ئەم هەڵوێستەیان هەیە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر ئەمە دەڵێن: لە باربردنی منداڵ کارێکی راست نیە، بەڵام دەبێ قانوونی بێت. ئەگەر جیاوازیەك لە ئارادایە ئەوا راشکاوی‌ی ئێمەیە لە بەیانکردنی ئینسانی نەبوونی خودی کرداری لە باربردنی منداڵدا. بەلای ئسوڵیەکانی بزووتنەوەی فیمینیستی‌یەوە وادیارە ئەم رەخنەیە قورسە. لە روانگەی سیاسیەوە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری قانوونی کردنی لە باربردنی منداڵ تا دوازدە هەفتەیی، خۆڕایی بوونی، مەرجدارکردنی ئەم کردارە تەنها بە بڕیاری ژنەوە و ئەنجامدانیەتی لە کلنیکی تایبەتی‌دا. بزووتنەوەی پرۆچویس لە ئەمریکادا ئەم خواستانە وەکو ئارەزووە باڵاکانی خۆی سەیر دەکات و تەحقیق بوونیشیان لە ئەمریکادا بەم زووانە بە عەمەلی نازانێ. ئەگەر چەپی پێشوی تازە فیمینیستی کۆچکردووی ئێرانی لەگەڵ ئەم خواستە گرفتی هەیە، دڵنیابن کە لە فیمینیست بوونیەوە نیە. ئەگەر کەسێك لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا ئەم رەخنەیە ئاراستەی من بکات، من داوای لێ دەکەم بە کورتی و بە صراحەت و بێ پێچ و پەنا وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە: یەکەم، ئەمەی کە رای خۆی دەربارەی خودی کرداری لە باربردنی منداڵ چیە وە ئایا ئەم کردارە لە رووی مەبدەئی‌یەوە بە کارێکی تاڵ و ناشرین ئەزانێت، یاخود هیچ مشکلەیەکی مەعنەوی‌و مەبدەئی و ویژدانی‌ی لەگەڵ لەباربردنی منداڵدا نیە. بە بڕوای من کەسێك کە لە کۆبونەوەیەکی ئاشکرادا هەڵسێ و کرداری لە باربردنی منداڵ بە کارێکی سووك‌و بێ‌بایەخ لەقەڵەم بدات، کە خەڵکی بێ هودە لە بەرامبەریدا تووشی دڵەڕاوکێ و دوو دڵی دەبن، چ جای ئەوەی کە ئەم کردارە بە نیشانەی سەربەرزی ژن لە کۆمەڵگاو بەمایەی شانازی دابنێ، جوابی خۆی هەر لەو هۆڵەدا وەردەگرێتەوە. ئەم جۆرە بێ‌دەربەستی و مامەڵە ساویلکە و رووکەشانەیە لەگەڵ مەسەلەیەکی ئەخلاقی گەورەدا کە لە باربردنی منداڵ لەبەردەم هەمووانـدا، چ لایەنگرانی قانوونی بوون و چ مخالفانی، دای دەنێ، خۆی لە ناو هەرکۆرێکی دەرەوەی کۆبوونەوەی فیرقەکەی خۆیدا بە سادەیی پەردە لەڕووی خۆی هەڵئەماڵێ. دووەم، داوای لێ دەکەم رەخنەی خۆی لەو بەندەی بەرنامەی ئێمە بەراست و رەوان و بێ‌هەراوهوریا بخاتە روو کە خوازیاری لە باربردنی قانوونی و خۆرایی منداڵە تا دوازدە هەفتەیی و لەسەر بڕیاری ژن.

**سورەیا شەهابی: لەبارەی ئایندەی مافی لە باربردنی منداڵ لە سۆشیالیزمو بەگشتی لە کۆمەڵگایەکدا کە پێودانگە ئینسانیەکان پەیرەوبکات، ئەڵێن واهات و سەرەڕای هەموو تەعلیم و کۆمەك و پشتیوانی‌یەك، تین ایجری 12-13 ساڵە حاملە بوو، ئایا ئێوە ناچاری دەکەن منداڵ بە خێو بکات، لە کاتێکدا کە خۆی منداڵە؟**

منصور حكمت : ئەم جۆرە پرسیارانە لە جۆری پرسیارو فتوای بەهانەگیرانەی سوننەتی ئیسلامیە، (ئەگەر بوومەلەرزە بوو و ....). هێنانەوەی نموونەی کچێکی 12 ساڵە بۆ پاساودانی لە باربردنی منداڵ، هێنانە مەیدانی بەڵگەیەکی لاوازە، لە بەرئەوەی لە باربردنی منداڵ دیاردەیەکی فراوانترە لە کێشەی حاملەبوونی کچانی دوازدە ساڵە و مەنتقی خۆیشی لێرەوە وەرنەگرتووە. لە بەریتانیای ئەمرۆدا سەرەڕای ئەو هەموو موسیبەتە کۆمەڵایەتیانەو ئەو هەموو بێ‌مافی و بێ ئیمکاناتیەی منداڵان، بە گوێرەی ئاماری خودی کەمپینی سەراسەری لە باربردنی منداڵ، کە رێگرتن لە کەمکردنەوەی موهلەی لە باربردنی منداڵ لە 24 هەفتەیی‌یەوە بۆ 18 هەفتەیی بە یەکێك لە شانازیەکانی خۆی دائەنێ، لە سەرجەمی 160 هەزار حاڵەتی لە باربردنی منداڵ لە ساڵی 1992 دا تەنها سێ هەزار حاڵەتی لە ناو کچانی ژێر تەمەنی 16 ساڵی دا بووە. واتە کەمتر لە 2٪. بڕوا ناکەم لەم لیستەشدا ئاماری 12 ساڵەکان لە یەك لە سەد زیاتر بێت. ناکرێ 160 هەزار حاڵەتی لەباربردنی منداڵ بە کێشەی حاملەبوونی نەخوازراوی کچانی 12 ساڵە پاساو بدرێت. لە بەرامبەر هەر سیستم و هەر بەڵگە هێنانەوە یەکدا ئەکرێ بن‌بەستی ئەخلاقی وچەندین بڕوبیانووی مەنتقی و "توضیح المسائل" (توضیح المسائل)، ناوی کتێبێکی خومەینی‌یە کە پڕە لەقسەی حەلەق‌و بەلەقی شەرعی‌و دینی-وەرگێڕ) ئاسا دابنرێت و هەلومەرجێکی دەردناك و تراژیدی بهێنرێتە پێش

چاو. منیش ئەتوانم لەبەرامبەر ئەمەدا بپرسم ئەگەر لەو کۆمەڵگایەی کە ئاواتی "کەمپینی سەراسەری لە باربردنی منالٚ "ە لە بەریتانیادا، لە باربردنی منالٚ تا رۆژی پێش لە دایك بوون ئازادبێت، وە ئەگەر ژنێکی 28 ساڵە لە هەفتەی (31)ەمدا بڕیار بدات کە منالەکەی لە باربەرێت بەلاٚم هیچ پزیشکێك ئامادە نەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمان چی ئەکەن، پزیشکەکە " ناچار ئەکەن" سەرباری ئەوەی ئەم کارە بەکارێکی دژی ئینسانی و جینایەتکارانە دەزانێ لە باربردنەکە ئەنجام بدات؟ مەسەلەی منالٚ لە باربردن مەسەلەیەکی گرنگو گشتی و کۆمەلاٚیەتیەو دەبێت وەلاٚمی گشتی پێ بدرێتەوە. ئەگەر وەلاٚمی گشتی و ریشەیی بزووتنەوەیەك راست و ئینسانی و رێنیشاندەر بێت، دەتوانرێ حالەتە تایبەتیەکانیش لە چوارچێوەی ئەم وەلاٚمە ئینسانیەدا وەلاٚم بدرێتەوە. بەلاٚم وەلاٚمێکی غەیرە ئینسانی بەهیچ نمونە و شێرو رێوی هێنایەوەیەك دەربارەی ئەم یان ئەو حالەتی تایبەتی مەشروعیەت بەدەست ناهێنێت.

بەهەر حالٚ وەلاٚمی من بە کێشەی تین ایجری سوسیالیستی حاملە ئەمەیە: یەکەم، ئێمە هیچ قسەیەکمان لە غەیرە قانوونی بوونی لە باربردنی منالٚ لە سوشیالیزمدا نەکردووە. ئێمە قسەمان لەوە کردووە کە کۆمەلٚگا ئیتر پێویستی بەم کارە نامێنێ. سەرەنجام من بڕوا ناکەم لە سۆشیالیزمدا ( بە تایبەت لە سوشیالیزمدا) کچێکی دوازدە ساڵە ناچار بە منالٚبوون یان هەر کارێکی تر بکرێت. دووەم، دەبێ بە باش کردن و پەرەپێدانی شێوازەکانی مەنعی حەمل، ئاموزش (تعلیم)ی جنسی، پەرەپێدانی مافەکانی منالاٚن و بردنەسەری حورمەتیان، خەبات لە دژی ئەخلاقیاتی دواکەوتووانە و دەمارگیری نەزانانەی ناکۆك لەگەلٚ رۆشنبیری جنسیی گشتی و کۆنترۆلٚی ئازادانەی کەسەکان بەسەر پەیوەندیە جنسیەکانی خۆیاندا و، دەبێ بەم جۆرە شتانە بەشوێن وەلاٚمی واقعیەوە بین. دەبێ کارێك بکرێت کەنەك تەنها تین ایجرەکان، بەلٚکو هەر کەسێك کە نایەوێت حاملە بێت، بتوانێت حاملە نەبێت. ئایا ئەمە لە رووی عەمەلی و زانستیەوە لە تواناداییە؟ بە ڕای من گومانی تێدا نیە. داهێنان و باش کردنی شێوازەکانی (منع) لە کۆمەلٚگای دژە ژنی هاوچەرخدا وەکو پێویست بایەخی پێ نادرێ. ئەگەر یەك لە دەهەزار بەشی بودجەی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای جەنگی و جاسوسی تەرخان ئەکرێ، بۆ ئەم مەسەلەیە خەرج بکرایە تا ئێستا شێوازەکەیان دۆزی بۆوە. دیسانەوە دەگەرێینەوە بۆ جێگای یەکەم: ئایا لە بەین بردنی کۆرپەلٚە لە سکی دایکیدا کارێکی ناخۆشو تالٚە یان نا. ئایا دەنگێك لە دەروونی رەخنەگری ئێمەوە بە ئەو دەلٚێت: "بریا ناچار بە ئەنجامدانی ئەم کارە نەبووینایە"، یان نا؟ ئەگەر بەلٚێ، ئەوا ئەو کاتە هەولٚ و کۆشش لە پێناو بنیاتنانی کۆمەلٚگایەکدا کە ئینسانەکان لەوێدا ناچار بە منالٚ لە باربردن نەبن، تەنها رێگای ئینسانیی و شەرافەتمەندانەی پێشکەوتنە. بەلاٚم کەسێك کە لەباربردنی منالٚ وەکو عملیاتی لەوزەتێن سەیر دەکات و توانای درك کردنی قوولٚیی مەسەلەکەو تالٚیو گێژاوە ئەخلاقیەکەی نیە بۆ ئینسانە بێئەژمارەکان و نەوە جیاجیاکان، بێگومان بەم خەباتە بێگانەیە.

### سورەیا شەهابی : بەرنامەی حیزب لە رووبەروو بوونەوەی نێوان دوو قوتبی "پروچویس" و "پرولایف" دا لە کام لا قەرار ئەگرێ، وە بەگشتی ئەم قوتب بەندیە چۆن هەلٚئەسەنگێنی؟

منصور حکمت: بۆچوونێکی تا ڕادەیەك باو کە بەتایبەت لە ناو کۆڕو کۆمەلٚە تازە فیمینیستە ئێرانیەکاندا لە دەرەوەی وولاٚت هەیە، ئەمەیە کە گوایە پروچویسەکان لایەنگری لە باربردنی منالٚنو پرولایفەکان مخالفی ئەمەن. مەسەلەکە بەم شێوەیە نیە. باسەکە لەسەر قانوونی بوون یا نەبوونی لە باربردنی منالٚە، نەك لەسەر باش بوون و خراپ بوونی ئەم کارە. پروچویسەکان لە هەمان کاتدا کە زۆرێك لەوان مخالفی کرداری لە باربردنی منالٚن، دیفاع لە قانوونی بوونی لە باربردنی منالٚ ئەکەن. هەلوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش دیفاع کردنە لە قانوونی بوونی لە باربردنی منالٚ. لەڕووی حقوقیەوە ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە، ئاواتو ئامانجی بالاٚی بزووتنەوەی پروچویسە لە وولاٚتێکی وەکو ئەمریکادا کە تا بیست سالٚی تریش شانسی بەدەست هێنانی ئەم خواستانەیان نیەو لە زۆرێك لە وولاٚتە ئەوروپاییەکانیشدا هێشتا تحقیق نەبووە. لە بەرنامەی ئێمەدا لە باربردنی منالٚ تا 12 هەفتەیی ئازادو قانوونیە. بڕیاردان بەتەواوی لە دەستی ژن خۆیدایە، نەك هیچ کەسێکی ترو ژن پێویستی بە تەبریرو بەلٚگە هێنانەوە بۆ هیچ ناوەندێکی پزیشکی و ئیداری نیە. لە باربردنی منالٚ بە خۆڕاییەو پێویستە لە کلینیکی مجهزدا ئەنجام بدرێت. وەدیهاتنی خواستێکی لەم چەشنە تەنانەت لە خەیالٚی بزووتنەوەی فیمینیستی ئەمریکاشدا جێگای نا بێتەوە. لە رووی حقوقیەوە چاودێری خارجیی لە ئەوروپا و ئەمریکادا بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو دەقێکی پروچویس دەستەبەندی دەکات، چونکە خوازیاری ئازادی لە باربردنی منالٚە. بەلاٚم خودی ئەم ناو لێنانە پروچویس

(لایەنگری هەڵبژاردن) و پرولایف ( لایەنگری ژیان) ڕیّلیّ ونکەر و دعائیيە. لە ئەمریکا کە لانکی سەرەکی ئەم قوتبەندیەیە بەشی پڕهات و هاوار و میلیتانتی بزووتنەوەی پرولایف لە گروپە راستو محافەزەکارو مەزهەبیەکان پێکاهاتووە کە لە واقعدا بچوکترین ڕێزو احترام بۆ ژیان دانانێن. ئەمانە لایەنگرانی سزای ئیعدامو بەرین کردنەوەی مەودای ئەم سزایەن بۆ تازەلاوان. لایەنگرانی هەمیشەیی سیاسەتە میلیتاریستیيەکانی ئەمریکان. لەبنەڕەتەوە کۆنەپەرست، نەژادپەرستو دژی خارجیو دوژمنی هەژارانن. خەڵکی ئەمریکا لە ژێر دەستی ئەمانەدا بەبەردەوامی لەژێر باری هەژاریو نەخۆشیدا تواونەتەوەو دەتوێنەوە. لەو لاشەوە ڕەمزو لانکی سەرەکی بزووتنەوەی پروچویس، لایەنگری هەڵبژاردن، حیزبی دیموکراتی ئەمریکا و ئەمسالی وەك کلنتونە کە هەر ماوەیەك بەر لە ئێستا هێرشێکی بێشەرمانەی فراوانیان لە دژی دایکانی بیّ مێرد وەڕیّ خستو چوار ملیۆن منالّی ئەمریکایی یان مەحکوم بە مالّ بەکۆلّیو بەدخۆراکیو ژیانی ژێر خەتی هەژاری کرد. گالّتە جاریە کە ئیجازەی لە باربردنی منالّ بە مافی هەلّبژاردن ناو لیّ دەبەن. ئەمە دوایین هەلّبژاردنی هەر ئینسانێکە. ئەمانە پێشتر هەلّبژاردنی خوشگوزەرانی، هەلّبژاردنی یەکسانی کۆمەلاّیەتی و پیشەیی ژنان، هەلّبژاردنی کارکردن و بەردەوام بوون لە خوێندن، هەلّبژاردنی ئاسایشی ئابووریو حورمەتی کۆمەلاّیەتی، وە تەنانەت هەلبژاردنی پەیوەندی جنسی سالمو پارێزراویان لە ژنان زەوت کردووە، دواتر لەسەر لێواری کەوتنە خوارەوەدا ئەم هەلبژاردنە دەدەن بەو کە لە نێوان فڕێدانو خۆفڕێدانەخوارەوەدا سەرپشکی دەکەن. بەراستی ژنێك کە لە باربردنی منالّەکەی "هەلّئەبژێریّ" دەبیّ چەندە لە بەرامبەر ئەم هەموو هەلّبژاردنەدا کە کۆمەلّگا خستویەتیە بەردەمی دلّخۆش و سوپاس گوزاربێت! لەبەر ئەمە ئەگەر لە من بپرسن خۆم بە پروچویس پێناسە ناکەم. ئەمە ناو لێنانێکی ریاکارانەو فریودەرانەیە. من خۆم وەکو لایەنگری قانوونی بوونی لە باربردنی منالّ تا دوازدە هەفتەیی و مخالفی کرداری لە باربردن دەناسێنم.

**سورەیا شەهابی: بەرنامە داواکاری قانوونی کردنی لە باربردنی منالّە هەتا 12 هەفتەیی. ئەم سنووری 12 هەفتەیيیە و چۆنێتی دیاریکردنیو فاکتەرەکانی دیاریکردنی باسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. هەندیّ کەس وا تصور دەکەن کە ڕەنگە لە روانگەی بەرنامەوە تەنها لەم تەمەنەدا ئەتوانریّ کۆرپەلّە بە ئینسان دابنرێت، وە لەبەر ئەمەیە کە لە باربردنی کۆرپەلّە لەم تەمەنە بە دواوە – جگە لە هەندیّ حالّەتی استسنائی کە بەرنامە دەستنیشانی کردوون – بە غەیرە قانوونی دادەنێت. ئەمەویّ بلّێم کە سەبارەت بە تەمەنی کۆرپەلّەیەك کە ئەتوانریّ لەباربریّ تێگەیشتنی جۆراوجۆر هەیە. هەندێك واتیّ دەگەن کە لەبەرئەوەی پێش ئەم تەمەنە کۆرپەلّە بە ئەندازەی پێویست کاملّ نەبووەو ناتوانێت سەربەخۆ لە لەشی دایك بژی، بە ئینسان ناژمێردرێت.**

منصور حکمت: باسی دوازدە هەفتەیی لە بەرنامەی ئێمەدا هیچ پەیوەندیەکی بەساتی دەستپێکردنی ژیان، یاخود توانای درێژەدان بەژیانی کۆرپەلّەوە نیە لە دەرەوەی رەحمدا (کە بۆ برێك کەس بەساتی سەربەخۆ بوونی هەویەی کۆرپەلّە لە دایك دائەنریّ). دواتر دێمەوە سەر ئەم خالاّنە. ئاشکرایە کەسێك کە وەکو ئێمە کرداری لە باربردنی منالّ خۆی لە خۆیدا بە غەیرە ئینسانی دەزانیّو وەکو ناچارییەکی کۆمەلاّیەتی و شەرێکی ئەهوەن تر دیفاع لە قانوونی بوونی دەکات، مەیلی بەلای ئەوەدایە کە ماوەی لە باربردنی منالّ هەرچی کەمتر بکرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە پێویستە قانوون بە عەمەلی بۆ ژنان ڕیّنیشاندەر بێت و شتێکی فۆرمالّی نەبێت. لە روانگەی پزیشکی و جسمیيەوە پێویستە فرسەتی دەستنیشانکردنی حاملەبوون و بریاردان و بەرنامە دانان بۆ ئەم کارە هەبێت. واقعیەت ئەمەیە کە لە روانگەی پزیشکیيەوە لەباربردنی منالّ بەر لە کاتێکی دیاریکراو ناعەمەلی و تەنانەت خەتەریشە. بەم جۆرە دەبیّ مۆلّەتەکە هەم یە ئەندازەی پێویست کافی بێت وە لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی ئیمکان محدود بێت. ڕووی مەسەلەکە بۆ ئێمە، کە مکردنەوەی مۆلّەتی لە باربردنەکەیە تا ئەوپەڕی، بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرج و تواناییيە پزیشکی و کۆمەلاّیەتیەکان . ئێمە لەدیاریکردنی موهلەی ڕێگە پیّدراو بۆ لەباربردنی منالّ تەشخیصی خۆمان نەکردووەتە معیار. بەلّکو هەر لەم دنیا بۆرژواییيەدا تەماشای نموونە ئینسانی ترو دلّسۆزترەکانمان کردووە و ئەم ژمارەیەی خۆمان لەوێوە هێناوە. لە ئەسکەندنافیا مۆلّەت 12 هەفتەیە (لە هەندیّ بەشی بلوکی رۆژهەلاتی پێشووشدا مۆلّەت هەر تا دوازدە هەفتەیی بوو. لە ئەلّمانیا، نەمسا، بەلجیك و یۆنان، ئیسلەندە و برێك وولاّتی تریش هەروایە). ئێمەش هەر ئەمەمان بە معیار وەرگرتووە. وا دەرئەکەویّ کە لە وولاّتانی ئەوروپای باکووردا ناڕەزایەتیەکی بەرچاو لە دژی ئەم موهلەیەو بە قازانجی زیادکردنی لەئارادا نیيە. وادیارە ئەشیّ ئەم مۆلّەتە 12 هەفتە بێتو ئیتر هەلّگرتنی قورساییو لە باربردنی نهێنیی لە ئارادا نەمێنیّو بگەین بە هاوسەنگیيەکی سیاسی لە نێوان خواستی ئازادی لە باربردنی منالّ و حمایەی هەرچی زیاتر لە کۆرپەلّە. بۆچی کەمتر

نەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری و تەحلیلیمان نیە لەسەر ئاکامەکانی کەمکردنەوەی موهلە لە 12 هەفتەوە بۆ 11 هەفتە، وە لە هیچ قسەو باس و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتیدا عملی بوون و کارسازبوونی ژمارەیەکی کەمترمان نەسەلماندووە. لەئێستادا وەسائلی ئەم کارەمان لەبەردەستدا نیە. بەم پێیە پەنادەبەین بۆ بچووکترین ژمارەیەك کە وولاتێکی سەرمایەداری کە بەواقعی وجودی هەیە بە دەستیەوە دابێت. ئەگەر کەسێك بڵێت بۆچی 13 هەفتە وە یان زیاتر نەبێت، ئەو کاتە وەڵامی من ئاوا دەبێت: ئەگەر دوازدە هەفتە بۆ کۆمەڵگای سوید باش و عەمەلیە ئەوا بۆ بەرنامەی ئێمەش باشە. رێگا بدەن ئەوانەی کە ئەیانەوێ موهلەکە زیاد بکەن بەڵگە و رەخنەکانی خۆیان نەك لەبەرامبەر بەرنامەی ئێمەدا، بەڵکو لەبەرامبەر سیستمی باو لە ئەسکەندنافیادا بەیان بکەن، ئێمەش گوێ دەگرین و ئەگەر حەقانیەتێك لەم خواستەدا هەبێت حەتمەن درکی ئەکەین.

دەربارەی ساتی دەستپێکردنی ژیان و ساتی سەربەخۆیی ناسنامەی کۆرپەڵە لە دایك، بێگومان من تەنها دەتوانم رای شەخسیی خۆم بڵێم . ئاشکرایە کە بەرنامەی حیزبێك شوێنی ئەم رادەربڕینانە نیە. لە ڕوانگەی بیولوژیکەوە ساتی دەست پێکردنی ژیانی ئینسانێکی تازە بەبڕوای من لەحزەی دەستپێکردنی حاملە بوونە. وواتە کاتێك کە کلیلی ڕەوتێکی تازەی بیولوژیکی بادەدرێت و دابەشبوونی خانەیی دەست پێ دەکات. ئەمە خاڵی سەرەتای پەیدابوونی ئینسانێکی تازەو دیاریکراوە. خوێندنی باڵاو دکتۆرای بیۆلۆژی ناوێ بۆ ئەوەی کەسێك لەوە تێبگات کە دوای حاملەبوون ئەگەر گیروگرفتێك روونەدات ئەم ڕەوتە بە ئینسانێکی دیاریکراو لە دەرەوەی رەحمدا کۆتایی پێ دێت. ئەمەی کە چەند رۆژێك لە تەمەنی ئەم ئینسانە لە ناولەشی دایکی گوزەراوە کە قەومەکان تەنها بەچاو (عین المجرد) ناتوانن ببینن شتێك لە پەیوەند بە خاڵی دەستپێکردنی ئەم ژیانەوە ناگۆڕێت. ئەم تصورەی کە لە لەحڤەیەکی قۆناغێکی تایبەتیدا ڕووحی ئینسانی لە ناو وجودی ئەم کۆمەڵە خانەیەدا چێنراوە، لەوە دڵخوازانەترو مەزهەبی ترە کە بکرێ قبوڵ بکرێت. بەڵام هەروەکو ووتم بەرای من باسی دوازدە هەفتەیی پەیوەندیەکی بەم پرسیارەوە نیە. لە هەر شوێنێکدا ئەم ڕەوتە بپچرێت، ڕەوتی گەشەی ئینسانێکی تازە پچراوە. ڕاستە، ئەوەی کە ئەم کۆرپەڵەیە لە چ قۆناغێکدا دەست و قاچ و سەرو دڵی بۆ پەیدا دەبێت (کە زۆر بەر لە 12 هەفتەییە) بە شێوەیەکی تەبیعی قورسایی ئەخاتە سەر زەینی هەر ئینسانێك. بە بڕوای من هەر لەبەر ئەمە پەرەسەندنی شێوازەکانی وێنەگرتن کۆمەك بە خەڵك دەکات کە لێك دانەبڕاوی قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی ئینسان ببینن‌و زیاتر هەستی پێبکەن‌و رۆژ بە رۆژ لە باربردنی منالّ لەلایان ببێتە کردارێکی تاڵترو ناخۆشتر. بەڵام لە باسەکەی ئێمەدا سەبارەت بە موهلەی 12 هەفتەیی ئەم فاکتۆرانە دەوریان نیە. لە باربردنی منالّ لە 6 هەفتەیی و 9 هەفتەییشدا لە ناوەرۆکدا هەر هەمان واقعیەتە. پچڕینی ڕەوتی گەشەی ئینسانێکە کە عومری خۆی دەست پێکردووە.

مەوزوعەکەی تر، واتە باسی سەربەخۆیی کۆرپەڵە لە دایك، باسێکی بەتەواوی حقوقی یە کە مۆری سیستمی حقوقی سەردەمی مالکیەت و میحوەربوونی فەردی پێوە دیارە. لە روانگەی ماددیەوە، لە روانگەی توانای مانەوەوە، ئێمە تەنانەت لە دەرەوەی رەحمیشدا لە یەکتری سەربەخۆ نین. کاتێك کەسێك بە تەنهایی دەکەوێتە کێو و بیابان یان جزیرەیەك، دەچن بە هانایەوەو "ڕزگاری" دەکەن‌و ئەیگێڕنەوە بۆ ناو کۆمەڵگای ئینسانی. باسی سەربەخۆیی لە دایك، لە واقع دا باسی سەربەخۆیی هەویەی حقوقی کۆرپەلەیە لە دایك نەك توانای مانەوەی بەبێ دایك، کە ئەتوانێت بەپێی تەکنەلوژیایەك کە هەیە گۆڕانی بەسەردا بێت. کۆمەڵگای سەرمایەداری تاکە کەسی بە یەکەی پایەیی بۆ پێناسەکردنی ماف دیاریکردووە. فەرز ئەمەیە کە لەو ساتەوەی کە کۆرپەلە سەربەخۆ لەدایك تەعریف بکرێت، ئیتر وەکو ئینسانێك دەبێتە خاوەنی مافە فەردیەکانی خۆی. ئەو کاتە لەم سیستمە حقوقیەدا، مافەکانی دایك‌و کۆرپەلە وەکو دوو فەردی جیا لەیەك لەنێو یەك قەڵەمڕەوی مکانی‌و جسمی‌ی هاوبەشدا، لەگەڵ یەکتر ناکۆکی پەیدا دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر کورپەڵە ئینسانێکی تر بێت ئەوکاتە لە ناوبردنی لە دیدگای یاسای ئەو کۆمەڵگایەوە بە قتل النفس دەژمێردرێت. ئالێرە دایە کە ئەم زهنیەتە دەبێ بگەڕێ‌و لەحزەی سەربەخۆیی بدۆزێتەوە. یەکێك کە خۆی بە مودافعی مافەکانی ژنان دەزانێت دەبێ ڕێك وەکو محامیەیە زۆر زان‌و فێڵبازە ئەمرکاییەکان لە دەعوا مالیەکاندا، ساتی سەربەخۆیی کۆرپەلە دوابخات‌و لەساتی لەدایك بوونی نزیك بکاتەوە: کۆرپەلە "بەشێکە لە لەشی دایك"، ژن ئازادە هەرچیەك لە "لەشی خۆی" بکات. زەمانێك بوو کە کوشتنی منالّ بەرلە ناوك برین بە قەتل نەئەژمێردرا، چونکە هێشتا کۆرپەڵە بە بوونەوەرێکی " سەربەخۆ" حساب نەدەکرا . بەهەرحاڵ ئەمانە فورمولبەندی باڵێکە. باڵی بەرامبەر کە خۆی بە محامی کۆرپەی لەدایك نەبوو دادەنێ بە پێچەوانەوە ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ساتی سەربەخۆبوونی منالّەکە بباتە پێشترەوە و توانای کۆرپەڵە بۆ هاتنە دەرەوە لە رەحم و راوەستان لەسەر پێی خۆی بسەلمێنێ. بە بڕوای من کلی چوارچێوەی ئەم باسە نابێ قبوول بکرێت. بۆچی بەشەریەت

ناتوانێ ئەم برۆسە شکۆدارو سەرسورهێنەرە و کلیەتی ئەم دیاردەی حاملەبوونو لە دایك بوونە وەکو شکڵی کۆنکرێتی پەیدا بوونی ئینسانێکی تازە سەیربکات و سەرتاپای واقعیاتی ئەم پرۆسەیە بە لێك هەڵپێکراوی قبول بکات. بۆچی دەبێ فۆرمۆلی ناکۆکی نێوان دایك و کۆرپەڵە، مشت و مڕ سەبارەت بە سنوورەکانی خاوەنداریێتی هەردوولا بەسەر خانەکانی رەحم و کۆرپەڵەدا قبوولْ بکرێت؟ بۆچی دەبێ درکی ئینسان دەربارەی دیاردەیەکی ئاوا بنەرەتیو ئەبەدی و ئەزەلی لەسەر بنەمای مەقولاتێکی ئاوا دەورەیی و گوزەرا (عابر)، لە چەشنی خاوەنداریێتی و تیۆری لیبرالی فەردیەت دابمەزرێت؟

**سورەیا شەهابی:** هەندێ کەسی تر -بەتایبەت بەشێك لە فیمینستەکان- حیزب بەوە تاوان بار دەکەن کە لەبەرئەوەی کە کۆرپەڵە بە ئینسان دائەنێت، سەرەنجام دەبێ وەکو مەزهەبیەکان سپێرم -وە نەك سپێرم و ئۆڤول (هێلکە) هەردووکیان- هەم بە پیرۆز بزانێو هەم بە سەرچاوەی ژیان! ئەمانە ئەو ئەنجامگیریە دەکەن کە کەواتە بەپێی تێڕوانینی بەرنامە، لە بنەرەتدا دەبێ بەرنامە مخالفی هەر جۆرە  پێیش پێگرتنێك بێت لە حامله بوون.

**منصور حکمت:** سپێرم وە هەروەها داوای لێبووردن ئەکەم ئۆڤولیش، هیچ پیرۆزیەکی تایبەتیان نیە. باسەکە زۆر بە رۆشنی سەبارەت بە بوونەوەرێکی تازەیە کە بە یەکگرتنی ئەم دووانە هاتۆتە بوونو گەشەی خۆی دەست پێکردووە. بەڵاّم باسی ریزدانان بۆ ژیانی ئینسانی باسێکی بایۆلۆژی نیيە. باسێکی فەلسەفیە. یان باشتر بڵێم ، رێز دانان بۆ ژیانی بایۆلۆژی رەنگدانەوەی رێزدانانی فەلسەفیە بۆ ژیان. رێزدانانە بۆ پۆتانسیێل و محتوای ژیانی ئینسانی  ئەم رێزدانانە نیشانەی ژیریی ئینسانە نەك پەنابردن (توکل)و خورافەی دینی. ئەگەر ژیانی ئینسانی بەهەر شێوەیەك بێحورمەت بکرێت، ژیانی ئینسانە کۆنکریتەکانیش، ئەو ئینسانانەی کە بەواقعی مەوجودن، بێنرخ دەکرێت. ژیانی ئینسانی نەدابەشکرن هەڵئەگرێ و نەپلە پەلەکردن. هیچ پەیوەندیەکی بە سەربەخۆیی و بزووتن و جموجۆڵ و تەمەن و شعورو رِەنگ و رِەگەز و میللەت و زەمان و مەکان و لەش ساغی یا نوقصانی ئینسانەکانەوە نیە. باسی ئێمە، لانیکەم باسی من وەکو نووسەری بەرنامەی حیزب، ئەمە نیە کە ئێمە دەبێ هێلکەی پیتراوو خانەکانی سەروەختی دابەش بوون بە "پیرۆز" بزانین. باسەکەی من ئەمەیە کە کۆمەڵگایەك کە دەرهێنانی کۆرپەڵە لەسکی دایکدا و پچرینی رِەوتی ژیانێك کە دەستی پێ کردووە تەحەمول دەکات و هیچ رێگریەکی بۆ دانانێت، چجای ئەوەی کە وەکو رێگای پێشگرتن لە زیادبوونی دانیشتوان، مەرجی درێژەدانی ژن بە خوێندن، مەرجی خۆلادان لە هەژاری و شتی تریشی دایبنێت، هیچ نرخێك بۆ ئەو ئینسانانەش دانانێت کە لە بارنەبراون. بەسووك سەیرکردنی کۆرپەڵە رِەنگدانەوەی بەسووك سەیرکردنی ئێمەیەو ئەم بەسووك تەماشاکردنەش ئەچەسپێنێ. رۆژێك لە رۆژان نەوەکانی دوای ئێمە شارستانێتی  ئێمە دەخوێننەوەو لەبەرامبەر نەرێتی لە باربردنی منالْ دا سەرسام دەبن. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە لەبەرامبەر قوربانی کردنی لاوان لەبەردەم بارەگای خواوەندکانداو سووتاندنی "ژنە ساحرەکان" کە لە رۆژی خۆیدا ئەم کارانە بە هەمان ئەندازە بەپێویست ئەزانران بۆ جوابدانەوە بە گرانیو نەهاتیو تەنگانە ئابووریو مەعنەویەکانی کۆمەڵگا، سەرمان سور دەمێنێ. ئەوانیش ئەم نەرێتە وەکو نیشانەی درندەیی ئێمە و بێ نرخیی ئینسان لە سەردەمی ئێمەدا سەیر دەکەن. وە لە وەڵاّمی دوا خاڵدا رێگا بدەن بپرسم چ کەسێك زیاتر بەخەمی پێشخستنو پەرەپێدانی شێوازەکانی پێش گرتن بە حملەوەیە، ئەو کەسەی کە دەیەوێ لە باربردنی منالْ وەکو کارێکی تالْو ناخۆش خۆی لێ لابدرێت، یان ئەو کەسەی کە لە باربردنی منالْ وەکو رێگا چارەیەکی بێ عەیبو قابیلی قەبولی تر چاو لێ دەکات بۆ منداڵ نەبوون و کۆنترۆڵ کردنی ژمارەی دانیشتوان؟

**سورەیا شەهابی:** لە سبەینێ ئاڵۆگۆڕە سیاسیەکانی ئێراندا، کاتێك داواکاریەکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران وەکو قانوون پەسەند بکرێنو لەباربردنی منالْ قانوونی ببێتەوە، ئیحتمالی ئەوە زۆرە کە دەمودەست ئاماری لەباربردنی منالْ بچێتە سەرەوە. پەسەند کردنی قانوونی ئازادی لەباربردنی منالْ هەنگاوێکی فەورییەو دەوڵەت ئەرکێتی جێبەجێی بکاتو لەبەرچاوی بگرێت، لەحاڵێکدا کە ئاموزشی بەرفراوانی رێگاکانی (منع)، ئاموزشی جنسی و رەخساندنی ئیمکاناتی پەیوەندی جنسیی سالمو پارێزراو  پرۆسەیەکی دوورو درێژترەو پێویستی بەکات دەبێ، ئایا ئەم زیاد بوونە فەوریەی ئاماری لە باربردنی منالْ ناکۆك نیە لەگەڵ ئامانجی بەرنامەدا کە

کەمکرنەوەی حاڵەتەکانی لە باربەردنی منالّە، وە ئایا لەبەرامبە نەیارانی لە باربردنی منالّ لەسەر حەق نین کە ڕەخنە لە جێبەجێکردنی فەوری ئەم بەندەی بەرنامە بگرن؟

**منصور حکمت :** یەکەم، ئەمەی کە ئاماری منالاّنی لە باربراو تەنانەت لە کورت ماوەشدا ئەچێتە سەرەوە، حەتمی نیە. بە بڕوای من ناچێتە سەرەوە، چونکە ئەو مەقاییسانەی کە دەبێ لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن ئاماری کرداری لە باربردنی منالّ نیە لەماوەی پێش قانوونی بوونەوەو پاش قانوونی بوونەوەدا، بەڵکو دەبێ کۆی منالّ لە باربردنەکان (بە ڕەسمی و نهێنییەوە) و "منالّ فڕێدانەکان" لە لایەن خودی دایکەوە، لەو دوو دەورەیەدا لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن. لە ئێراندا حاڵەتەکانی منالّ فڕێدان لە لایەن خودی دایکەوە، لە ڕێگەی هەڵگرتنی شتی قورس و خۆبەردانەوە وشتی ترەوە، زۆر زۆرە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم کردارە بۆتە بەشێك لە فۆلکلۆری ئەم وولاّتە. ئەم حاڵەتانەی "لە باربردنی منالّ" لە هیچ جێگایەك تۆمار ناکرێن. قانوونی کردنی لە باربردنی منالّ ئاماری چوونە لای پزیشك بۆ لە باربردنی منالّ بەرەو سەر دەبات، بەلاّم لەبەرامبەردا ئاماری ئەم جۆرە مندالّ فڕێدانانە کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە کەم بوونەوەی حاڵەتەکانی منالّ فڕێدان یان لە باربردنە نهێنییەکانی منالّ بە قازانجی لە باربردنی یاسایی منالّ، کۆمەك بەوە دەکات کە ئەم ژنانە هەلسوکەوت لەگەڵ هەندێ دەزگاو ئۆرگاندا بکەن، کە بە گوێرەی بەرنامەی ئێمە کاریان کۆمەك کردن و حمایەی ماددی و مەعنەوییە لەوان، وە یەکێك لە کارەکانی ئەم ئۆرگانانە هەوڵدانە بۆ هاندانی دایکان تا منالّەکانیان لەبار نەبەن و مافەکانی دایك و منالّ و ئەرکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایان بۆ ڕۆشن بکەنەوە بەرامبەر بەوان. ئەوە شتێکی چاوەڕوان کراوە کە ڕێژەیەك لەو ژنانەی کە دەچن بۆلایان ئامادەبن واز لە منالّ لە باربدرنەکەیان بهێنن. من ئەو تخمینە ئاماریەی تۆ لە ئاکامەکانی یاسایی بوونەوەی منالّ لە باربردن بە موحتەمەل نازانم.

دووەم: هەروەکو ووتت بەرنامەی ئێمە بە تەنها باس لە قانوونی بوونەوەی لە باربردنی منالّ ناکات، بەڵکو کۆمەڵێك هەنگاوی دەمودەستوحەیاتی تێدایەبۆ سالمو پارێزراو کردنی پەیوەندی جنسیو بەرین کردنەوەی بە کاربردنی پێداویستیبەکانی (منع). ئەوەم قبوڵە کە گۆڕینی پەیوەندی جنسی ئازادو سالمو پارێزراو بە بەشێکی جێگیرو سەلمێنراوی فەرهەنگی کۆمەڵگا حەتمەن کاتی دەوێ. بەلاّم چەند بەرابەر کردنی بەکارهێنانی وەسائیلی (منع)و کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە کاندۆم و ئای.یو.دی ( I.U.D)، کاتێك کە دابین کردنی خۆرایی ئەمانە ببێتە سیاسەتی دەوڵەت، کاتێکی زۆری ناوێ. ئەکرێ ئاماری حاملەبوونی نەخوازراو بەخێرایی بهێترێتە خوارەوە. کاتێك قسە دێتە سەر بەرقەرار کردنی شێواز و معیارو نەرێتە مودێرنەکان لە ئێراندا، زۆر کەس دەستبەجێ تصویری گوندنشینە دوورەکان لە خەڵکی ئێران بەدەستەوە دەدەنو ناڵەیان لێ بەرزدەبێتەوە کە خەڵکی "فەرهەنگی ئەمەیان نیە". بەلاّم ئێران بەگشتی کۆمەڵگایەکی شارییە، زۆربەی ئەم خەڵکە لاوانێکن کە دەچنە قوتابخانەو تەنانەت ئەگەر دانیشتوانی دێهاتە دوورەکانیش بن، بیرو هۆشیان بەلای شارو ئەلگۆ هاوچەرخەکانی ژیانەوەیە. خەڵکی ئێران "میللەتی" ڕۆژنامەی "توفیق" و "ئومەتی" جەماعەتی خومەینی نین. ئەندامی کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارین لە دوا دوایی سەدەی بیستەمداو لە کورەی گۆرانگاریە فەنی و اتصالاتیەکانی ئەم سەردەمەدان. کەمپینی ئاموزشی جنسی و پەرەپێدانی وەسائیلی منع لەئێراندا، بەڕای من لە ئاستێکی زۆر بالاّدا دەچێتە پێشەوە. هەڵبەتە دەبێت واقعیەتێك لە بەر چاو بگیرێت. ئەم کارە بەبێ خەباتێکی لێبڕاوانە لە دژی ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستان عەمەلی نیە. ڕەوتێك دەتوانێ ئەم بەرنامەیە بەدەستەوە بگرێت کە لە رووی سیاسیەوە پابەندی خەباتێکی لێبڕاوانە بێت لە دژی دەمارگیری دینی و کۆنەپەرستان. وە ئەمە بەرلە هەر کەسێك کاری چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکانە.

بەهەرحاڵ کەمکرنەوەی حاڵەتەکانی لە باربردنی منالّ لە گرەوی دوو فاکتەری سەرەکیدایە. یەکەم، بەرەگرتنی پەیوەندی جنسی سالمو پارێزراو و دەست ڕاگەیشتنی هەمووان بە ئیمکاناتی خۆرایی و مناسبی منعو، دووەم، خەبات لە دژی پیاو سالاری و دژەژنی نەك تەنها لە ئەفکاردا بەڵکو لە علاقات و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەلاّیەتیەکاندا، بە جۆرێك کە حاملەبوون و منالّ بوون و دایکایەتی بچووکترین کاریگەری خراپ لەسەر مەوقعیەتی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و پیشەییو مەعنەوی ژنان لە کۆمەڵگاو لەخێزاندا دانەنێتو مندالّداری ببێتە هەڵبژاردنێکی ئازادو بەرنامەڕێژیکراوی خەڵك و ڕووداوێکی دلخۆشکەر لە ژیانی ئەواندا. قانوونی بوونەوەی لە باربردنی منالّ کۆڵەکەیەکی سیاسەتێکی هەمەلایەنەیە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە و پێویستە وەکو بەشێك لەناو ئەم کولیەتەدا سەیر بکرێ، نەك وەکو هەنگاوێکی تاقانەو سەربەخۆ.

**سورەییا شەهابی:** بەرنامەی حیزب لە باربردنی منالّی بە "لە ناو بردنی عەمدیی کۆرپەلەی ئینسانی" لەقەلـەم داوە، وە خۆشـت لـە قسەکانتدا ئاماژەت بۆ ئەوە کرد کە لە باربردنی منالّ لە هەر تەمەنێکدا بێت "بچڕینی ڕەوتی گەشەی ئینسانێکە کە عومری خۆی دەست پێکردووە". کەسانێك لەم پێناسەیە ئەم ئەنجامگیریە دەکەن کە ئەنجامدانی لە باربردنی منالّ لە دیـدگای بەرنامـەی حیزبـەوە تاوانـەو ئـەو دایکەی کە بریار لەسەر ئەنجامدانی کـارێکی وا دەدات دەکەوێتـە خانـەی تاوانبارێکـەوە کـە قـەتلی عەمـدی ئـەنجام داوەو ئەمـەش بـێ ئینسافیـیە!

**منصور حکمت:** ئەم قسەیە کە لە باربردنی منالّ بچراندنی ڕەوتی گەشەی ئینسانێکە کـە ژیـانی خـۆی دەسـت پێکـردووە، لەگـەلّ ئـەم ئیدعایەی کە دایك قتلی عمدی کردووە یا تاوانێکی ئەنجام داوە، ئاسمانو ڕێسمان لێك دوورن. لکاندنی ئەم دووانـە بـە یەکـەوە نەنیـشانەی هەولّی دلّسۆزانەیە بۆ تێگەیشتنی مەسەلەکەو نە تەبلیغێکی کاریگەرە لە دژی فورمولّبەندییەکەی بەرنامەی ئێمە. ئەمە خۆدزینەوەیە لە ئەسلّی باسەکە. بەرای من کەسێك کە لە باربردنی منالّ لە ڕووی مەبدەئیـیەوە بە کارێکی بێ عـەیب دادەنـێ پێویـستە هـەر ئەمـە بلّێـو بەسەراحەتیش بەرگری لێ بکات. بە خۆ اتهام کردن لەقسەی خەلّکانی تـرەوە و دواتـر خـۆ گـێفکردنـەوە جـوابی مەسـەلەکە نادرێتـەوە. سەرەنجام ئەم جۆرە ناڕەزایەتیە یەك شت دەگەیەنێ: مانای ئەم ناڕەزایەتیە ئەمەیە کە ئەگەر ڕۆژێك بۆ ئەم ڕخنەگرە بـسەلمێنرێت کـە منـالّ درێژکراوەی تەبیعیی کۆرپەلّەیەو کۆرپەلّەش سەرەتای ئیلزامیی ئینسانێکە، ئەو کاتە خودی ئەو لە باربردنی منالّ بە قتل و تاوان دادەنێت وە ئەمە بۆ لایەنگرێکی لە باربدرنی منالّ ناتوانێت هەلوێستێکی مەحکەم بێت.

هەر چونێك بێت، بە بڕوای من ناوبردنی منال لەباربردنّ بە تاوان یا قتل "لە چوارچێوەیەکی زەمەنیدا کە لە یاساکانی ئەمڕۆی ئەوروپادا باوە" ڕاست نیە چونکە تاوان و قتل مەقولەیەکی حقوقین و پێناسەیەکی کۆمەلاّیەتیان هەیە نـەك شەخـصی. هـەر کەسـێك پێویـستە لـە چوارچێوەی‌نەرێتو سوننەتەکانی کۆمەلّگای هاوچەرخی خۆی دا داوەری لەسەر بکرێت. کۆمەلّگا هەموو شکلّەکانی لەناوبردنی ئینـسان لـە سەردەمی ئێمەدا بە قتل ناونابات. واقعیەت ئەمەیە ئینسانەکان بەگەلێك شێوازی جۆراوجۆر لەم دنیایەدا خەریکن یەکتری لە مـافی ژیـان مەحروم دەکەن. سەربازێك کە لە جەنگدا ئینسان دەکوژێت، ئەندامێکی دەستەیەکی دادوەری کە دەنگ بەحوکمی اعدامی کەسـێك دەدات، پزیشکێك کە لەڕووی سۆزو بەرزەیی و مهرەبانیـیەوە مەرگی نەخۆشێك پێش دەخات کە لەسەرەمەرگدایە. دەولّەتێك کە وێـڕای ئاگـاداریی دەقیقی لەوەی کە ئاماری مردن چەندە دەچێتە سەرەوە، بیمە (چمان)ی صحی کەم دەکاتەوە. کەسێك کە دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی محگەی ئەتۆمی کەم دەکاتەوە، لەگەلّ ئەوەشدا کە دەزانێت ئەمە ئاماری سرگانی خوێن لە ناو منالاّنی ئـەو دەورو بـەرەدا دەباتـە سـەرەوە. سەرۆك کۆمارێك کە حوکمی بۆمبارانی جێگایەك دەردەکات، پارتیزانێك یا تیرۆرسـتێك کـە بۆمبێـك ئەنێتـەوە، ئەمانـە هـەر هـەموویان ئاگاهانە لە کوشتنی ئینسانە واقعیـیەکاندا بەشداری دەکەن. بەلاّم کۆمەلّگا مەرج نیـیە هەموو ئەم کارانـە بـە قـەتلو ئەنجامدەرانیـشیان بەقاتل بژمێرێ. تێڕوانینی شەخسیی ئێمە ئەکرێ لەگەلّ تێڕوانینی کۆمەلّگادا جیاواز بێت. تیڕوانینی شەخسیی ئێمـە ئـەکرێ پـشتی بـە مەدەئێکی ئینسانیی موتلّەقی ئەوتۆ بەستبێ کە هیچ تەفسیرو ئەملاوئەولایەك هەلّنەگرێ. تێڕوانینی کۆمەلّگا بۆ ئەوەی کە تاوان چـیـیە، نیسبیـیە و لە ڕووی مێژوویـیەوە مەرجدارەو لەگۆڕاندایە. زەمانێك بوو کە کوشتنی منالّو هاوسەر لەلایەن پیاوەوە بە تاوان نەئـەژمێردرا. جەنابی ئیبراهیمی خلیل لە ئیسلام و یەهودیەت دا بڕیاربوو لە ڕۆژی ڕووناکدا کوڕەکەی خۆی لە عملیاتێکی دڕندانەی خواناسیدا سەر ببڕێت کە خوشبەختانە وەکو سیاوش مدرسی دەلّێت لە ئاخرین لەحزەدا ئاشکرادەبێت کە خواوەند گالّتەی کردووەو مەبەستی تەنها تاقی کردنەوەی ئەو بووە. هەر لەم دنیایەداو نەلە ڕابردوویەکی زۆر دووریشدا کوشتنی دیلەکانی شەڕو کۆیلەکان تاوان نەبوو، هەتا سالاّنی حـەفتاکانی هـەر ئەم سەدەیەی ئێمە، هەلّواسینو لەسێدارەدانی ڕەشەکان لەلایەن نەژادپەرستە سپـیـیەکانەوە لە ئەمریکا بە قتل حیساب نەدەکرا. کەسێك بـە هۆی کوشتاری هێرۆشیماو ناکازکیـیەوە (ترومن) ی بە قاتل نەژماردووە. لە ئەمریکا کتێبخانە هەیـە بـەناوی ئـەم بەشـەرەوە. تێڕوانینـی ئەخلاقی و حقوقی کۆمەلّگا بۆ کردەوە یەك ڕەنگدانەوەی حەساسیەتی مەعنەوی و عاگفی کۆمەلّگایە بەرامبەر بەو کردەوەیە لەو سەردەمە تایبەتەدا. ئەم حەساسیەتە تەنانەت لە یەك دەورەیەکیشدا لە قەلّەمڕەوە (ناوچە) فەرهەنگیـیە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە. ئـەم حەساسـیەتەو ئەم کاردانەوە ئەخلاقی و عاگفیـیە، وە بێگومان ئاکامە حقوقیەکانیشی، ئەبەدی نیـە و گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت. زۆرێـك لـە کـردار و شێوازەکانی ئەمڕۆی ئێمە نەوەکانی دوای ئێمە بێزیان لێدەکەنەوە. بەلاّم ئەم ئـالّوگۆڕە لـە مەعریفـە و تێڕوانینـی عـاگفی کۆمـەلّگا بـۆ مەسەلەکان پێویستە بە شێوەیەکی واقعی و لە ماوەی چەند نەوەیەك لە ئینسانە واقعیـیەکاندا ڕوودبدات. مـن زۆر بەتونـدی مخالفی سـزای

ئیعدامم، بە بڕوای من سزای ئیعدام لە ناوەڕۆکدا ئینسان کوژیی‌یەکی عمدیو نەخشەمەندانەیە. بەلاّم ناتوانم بە ئارەزووی خۆم دەستەیەکی دادوەری کە لە ئەمریکا دەنگ بە تاوانبارکردن یا ئیعدامی تاوانبارێك دەدات، بە قاتل دابنێم. چونکە کۆمەڵگا، وە بێگومان خودی ئەوان ، ئەم پێناسەیەیان بۆ کارەکەیان نیە. ژنێك کە دەست بۆ لە باربردنی منالّ دەبات بەیەقین لە ڕوانگەی خۆیەوە کۆرپەڵە بە ئینسانێك، یاخود بە ئینسانێکی تەواو دانانێت وە لە فەرهەنگ و یاسای کۆمەڵگاوە تصویرێکی خراپ لەسەر کرداری منالّ لە باربردن وەرناگرێ.

بەهەرحالّ هەروەك ووتم ئێمە منالّ لە باربردنمان بەقەتلّ و تاوان ناو نەبردووە، وە خوازیاری قانوونی کردنی لە باربردنی منالێن تا رادەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە یاساکانی ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەیە. بەلاّم ئەمەی کە کۆرپەڵە قۆناغێکە لە ژیانیئینسانێکی دیاریکراو کە هەر ئێستا پێی ناوەتە ناو ژیانەوە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئەگەر ئەم حەقیقەتە ئەبێتە مایەی ئازاردانی ویژدانی کەسێك لە منالّ لەباربردندا، خەتای ئێمە نیە. ئەو چاوەڕوانیی‌یەی کە ئێمە لە پێناوی مرتاح کردنی چمیری کەسانێك دا کە نیازی لە باربردنی منالّیان هەیە ئەم راستیە لە فکرماندا بسڕینەوەو بۆ نموونە وانیشان بدەین کە (حاجی لەقلەق) کۆرپەڵە ئەهێنێت، زیادە ڕەویی‌یە.

**سورەییا شەهابی:** لە هەندێ وولاّت، بۆ نموونە لە بەریتانیادا، بەخشینی ئیجازەی لە باربردنی منالّ سێردراوەتە دەستی پزیشك تا لەسەر بنچینەی تەشخیصدانی سەلامەتیی جسمیو نەفسی دایکەکە ئەم ئیجازەیەی پێبداتو ئەمەش بووەتە مایەی نارەزایەتی زۆرێك لە پزیشکان. لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا ئیجازەی لە باربردنی منالّ سپێردراوەتە دەستی دایك. "ئیجازەی پزیشك" یا"بڕیاری دایك"؟ ئایا ئەم بەرامبەرکێیە هیچ جێگایەکی لەبەرنامەی حیزبدا هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە ئایا سپاردنی ئیجازەی لە باربردنی منالّ بە ئیجازە پێدانی پزیشك، هیچ جێگایەکی هەبوو لەباسەکانی پەیوەست بە لەباربردنی منالّ لە بەرنامەی حیزب دا، وەئەگەر نەیبوو بۆچی؟

**منصور حکمت:** مەقولەی ئیجازەی پزیشك، تەنها بۆ لە باربردنی منالّ لە دوای دوازدە هەفتەیی‌یەوە نەبێ، سەرەتا لە نووسینی دەقی بەرنامەدا مەترەح نەبوو، چونکە ڕووی مەسەلەکە بەو جۆرەی کە بە واقعی لە هەموو وولاّتەکاندا هەیە، هەڵبژاردنو بڕیاردان لەدەستی ژندایە. بزووتنەوەی قانوونی کردنی لە باربردنی منالّ، بزووتنەوەیەکە بۆ دانی ئەم مافەو ئەم هەڵبژاردنە بەژن. باسی تەشخیصدانی پزیشك دەربارەی مەترسی ئازاری جسمی و نەفسی حاملەبوون بۆ ژنان، ڕێگایەکە کە لە هەندێ ولاّتدا هەولّیان داوە لە باربردنی منالّ بەعەمەلی قانوونی بکەنەوە بەبێ‌تەوەی کە بەڕەسمی دان بە مجازبوونی ئەم کارەدا بنێن. بە تایبەتی ووشەی "مەترسی ئازاری نەفسی" بەم مەبەستە دانراوە کە مجال بۆ تفسیر کردن بهێڵێتەوەو بەعەمەلی پزیشك سەرپشك بکات کە مۆری تأیید بدات لە خواستی ژن بۆ لە باربردنی منالّ. ئەمە سیستمێکە کە هەر ئەمڕۆ لە بەریتانیادا کاری پێ دەکرێ. لە روی عەمەلیەوە لە باربردنی منالّ لە بەریتانیادا ممکنەو بە خواستی ژن ئەنجام دەدرێت. بەلاّم لەڕووی حقوقیی‌یەوە ئەوە پزیشکە کە بڕیاری لەسەر ئەدات. ئەگەر پزیشکێك داواکاری ژنەکە بۆ لە باربردنی منالّ تأیید نەکات، کە هەڵبەتە هەندێ جار ڕوودەدات، ژنەکە دەچێتە لای پزیشکێکی ترو مۆری تأیید لەو وەردەگرێ. ئەم شێوازە ریاکارانەیە ئەمڕۆ هەم دەنگی خەڵك و هەم دەنگی پزیشکەکانیشی بەرز کردووەتەوە. ئەگەر بزیشکەکە کەسێکی مخالفی لە باربردنی منالّ بێت، لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا دژواری زۆر وە تەنانەت هەندێ جار تأخیری جدی ئەخاتە ڕێی ژنەکە. بەووتەیەکی تر بەپێی معیارە ئەخلاقیەکانی پزیشکی ئەو شوێنە هاو وولاّتیانی بەریتانیا لەمەسەلەی لە باربردنی منالّدا لە حقوق و ئیمکاناتی جیاواز بەهرەمەندن. لەلایەکی ترەوە، پزیشکەکان بەحەق نارەزایەتی دەردەبڕن کە کاری ئەوان نەك تەشخیصدانی پزیشکی، بەڵکو بووەتە ڕێ نماییەکی کۆمەلاّیەتی بۆ ژنان. کارێك کە دەبووایە ئەرکی یاسا بووایە. ئەمە مەوقعیەتێکی غەیرە ئەخلاقی و ریاکارانەی سەپاندووە بەسەر پزیشکەکاندا، بە مخالفانو لایەنگرانی لە باربردنی منالّەوە. ئەلێن ئەگەر لە باربردنی منالّ کارێکی یاسایی‌یە، ئەوا دەبێت بڕیار لەسەر دانیشی لەلایەن خودی ژنەوە بێت. هەڵوێستی ئێمەش هەر ئەمەیە.

**سورەییا شەهابی:** پێشتر ووتت ناوبردنی ئیجازەی لە باربردنی منالّ بە "مافی هەڵبژاردن" شتێکە لە چەشنی ئازادی هەڵبژاردن لە نێوان کەوتنە خوارەوە و خۆخستنە خوارە لە بەرزاییەکەوە. هەندێك لە فیمینستەکان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافی لە باربردنی منالّ یەکێکە لە گرنگترین ئەو مافانەی کە ئیمکانی هەڵبژاردن دەداتە ژنان. هەڵبژاردنی بوونو نەبوون بە دایك، وە هەڵبژاردنی کاتی بوون بە دایك.

**منصور حكمت:** من لەگەڵ تێڕوانینی بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی فیمینستیدا لەسەر هەویەتی کۆمەڵایەتی ژنو خۆهۆشیاری ژن گرفتم هەیە. ئەمانە ژن بە توێژێك یان گروهێکی کەمایەتی تصویر دەکەن کەدەبێ مافە صنفییەکانی خۆی وەربگرێـو بـچێت بـەلای کاریـەوە و ئیتر هەقی بەسەر دنیاو مەسەلەی کۆنترۆڵی چارەنووسی جیهان و کۆمەڵگای ئینسانیەوە نەبێت. بە بڕوای من لە باسی لەباربردنی مناڵدا ژن کەمایەتیەکی خاوەن دەعواو مەحرووم نیيە کە قەرارە ئەجری خۆی لەشێوەی ئیجازەی لە باربردنی مناڵدا وەربگرێتەوەو بـڕواو ئـیتر کـاری بەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی، مەعنەوی، فەلسەفیو مێژوویيەکانی ئەم گرفتەوە نەبێت. لە تصویری ئەمانەدا ژن هەمیـشە لـە باسـی لـە باربردنی مناڵدا تەنها لەشکڵی مشتەرییەکی حاملەی کلینیك دا خۆی دەنوێنێ، نەك رابەری کۆمەڵگا، نەك فەیلەسوفو ئایـدیۆلۆژێك کـە دەبێ سەرەنجام سەبارەت بە ژیان و هویەی ئینسانی کۆرپەلە و حورمەتی ئینسانی و شتی تـر خـاوەن ڕا بێـت، نـەك ئینـسانێك کـە بـەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ژنە یان پیاو دەتوانێ سەبارەت بەم مەسەلانە ڕاو بۆچوونی هـەبێو بەمەسـەلەی خـۆی بزانێـو بیـەوێ دنیـا بـە ئاقارێکی نایبەتیدا بەرێت. لە مەکتەبی ئەمانەدا ژن حاملەیەکە کەنایەوێ حاملە بێت وە ئیتر کارێکی بەم مەسەلانەی ترەوە نیە. بەبروای من ئەم فیمینیزمە ڕووی دووەمی پیاوسالارییە کە ئەویش بە هەمان شێوە ژن لە دەخالەت کـردن لـەم مەیدانـەدا دوور دەخاتـەوە، وە ئـەم دووانە دوو دیوی یەك پارەن.

لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆدا، بۆ ژنێك کە تەنها بەشێك نیيە لە کەمایەتییەکی دووگیـانی کۆمـەڵگاو وەکـو ئینـسان مامەڵـە لەگـەڵ مەسەلەی کۆمەڵگاو ژیان و حورمەتی ئینسانی و یەکسانی کۆمەڵایەتیدا دەکات، ئیجازەی لە باربردنی منـاڵ مـافی بڕیـاردانێکی ئـەوتۆ نیيە. ئازادی لە باربردنی مناڵ وەکو حەبێکی سیانور* وایە کە چریکەکان لە زەمانی شادا لەگەڵ خۆیان هـەڵیان دەگـرت. ئیمکانێکـە بـۆ دەرچوونێکی دەردناك لە ڕووداوێکی دەردناکتر. ئیجازەی لە باربردنی مناڵ لە چەشنی ئیجـازەی خۆکوژییـە. ئـازادی لـە بـاربردنی منـاڵ ئیجازەی لە بەبن بردنی کۆرپەڵەی خۆتە بۆ خۆلادان لە ئاکامە خراپەکانی مندالداری لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا. ئازادی لە بـاربردنی منـاڵ بۆتە زەرووەتێك لە بەرئەوەی زۆرێك لەئازادیە ئینسانیەکان لە ژنان زەوت کراوە. مافی بەهرەمەند بوون لە زانستی جنـسی. ئـازادی کـەڵك وەرگرتن لەوەسائیلی (منع)ی سەد لە سەد سالمو بێخەتەر. ئازادی رزگاربوون لە ئەخلاقی مەزهەبیو پیاوسالارانە لـە پەیوەنـدی جنـسیدا، ئازادی پەیوەندی جنسی ئاوەڵاو ئازاد کە ژن لەو پەیوەندییەدا ئازادی تەواوی هەبێت لە ڕەفتاری جنـسی خۆیـدا، مـافی ئـەوەی ئازادبیـت لەوەی کە منالّت هەبێتو مەوقعیەتی ئابووریو شوغڵیت پارێزراو بێت، ئازادی ئەوەی کە بەبێ ئەوەی لە ژێر فشاری ئـابوری و ئـەخلاقی و فەرهەنگیدا ناچار بەزواجو ژیانی هاوبەش بیت لەگەڵ مێرددا، منالّت هەبێت. ئازادی کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی خۆراییی و مناسب بۆ بە خێوکردنی مناڵ. ئازادی لەوەی منالّت هەبێتو ژیانی کۆمەڵایەتیت هەبێت. مافی پارێزراو بوون لە تەعەدای جنـسی چ لـە خێـزانو چ لـە دەرەوەیدا. ئازادی هەڵبژاردنی دایکایەتی بەبێ ئەوەی کە ژیانو خۆشگوزەرانیو بەختیاری خۆت وەکو ژنێكو ئینسانێك فیدا بکەیت. ئازادی لەوەی ببیت بەدایكو خۆشگوزەرانیو تەندروستیو ئاموزشو ڕابواردنی منالّەکەت زامن بێت.

لە نەبوونی ئەم مافانەدایە کە ژن لە مەوقعیەتی "هەڵبژاردنی" لە باربردنی مناڵدا خۆی دەبینێتەوە. لەم بارەیەوە پێویستـە خالێکمـان لا ڕۆشن بێت. خودی حاملەبوونی ژن بەپێچەوانەی مەیلی خۆیەوە، بەم مانایەیە کە نەیتوانیوە ئیرادەی خۆی بۆ دایکایەتی کردنو نەکردن وە هەڵبژارنی کاتی دایکایەتییەکەی لە ناو هەمان پرۆسەدا کە مرۆڤ تیایدا حاملە دەبێت، واتە پەیوەندی جنسی، پیادە بکات. ئەگەر قـەرارە ژن کۆنترۆڵی هەبێت بەسەر هەڵبژاردنی دایکایەتیو کاتی دایکایەتییەکەیـدا، ئـەوا پێویـستە ئـیرادەو کـۆنترۆڵی هـەبێت لـە قەلـەمڕەوی پەیوەندی جنسی دا. ئەمە بە مانای بەهرەمەند بوونە لە زانیاری جنسی، بەمانای دەست ڕاگەیشتنە بە وەسائیلی (منع)ی سالمو بێخەتـەرو بەشداری کردنێتی لە پەیوەندیەکی جنسی یەکسان و ئازادو ئارەزومەندانە و دوور لە هـەرجۆرە زەختـو زۆرو ئیجبـارکردنێکی ڕاسـتەوخۆو ناڕاستەوخۆ. بێگومـان کوشـتنی کۆرپەلـە ڕێگایەکـە بـۆ بـەرگرتن لـەبوون بـەدایکی ژن، بـەلاّم ژنێـك بـەم شـێوازە دایکایـەتی نـەکردن "هەڵدەبژێرێت" کە پێشتر نەیتوانیبێت ئازادانە ممارەسەی ژن بوونی بکات.

**سورەیا شەهابی:** هەندێك لەو باوەڕەدان کە هەر فۆرمولبەندیەك کە مافی لە باربردنی مناڵ نەك بە "ایجابی" بەڵکو بە "سـلبی" لێـك بداتەوە، ئەم مافە مەحدود دەکاتەوەو بە عەمەلی وا لەژنان دەکات کە لەهەموو هەلومەرجێکدا کۆرپەلەکەیان بهێڵنەوە. ئەڵێن ئـەم بەنـدە

فەزایەکی ئەخلاقی لە بەرامبەر ئەم کارەدا پێك دێنیٚ کە لە بەرژەوەندی ژناندا نیەو دەستی کلێسا و دین ئاوڵاٚ دەکات لە مەحدود کردنەوەی مافی بڕیاردانی ژناندا.

**منصور حکمت:** ئەم نموونەیە هەر هەمان تەبدیل کردنی ژنە بەکەمایەتیەکی صنفی **تحت الحمایە**و هەتیو کە پێشتریش باسم کرد. ئەمانە ئەیانەویٚ ژن تەنانەت لە چوارچێوەی باسکردن لە ماهیەتی ئینسانی و فەلسەفی لە باربردنی منالٚ بخەنە دەرەوەو حەقی بەسەریەوە نەبێتو هیچ نەڵیٚو نەبیستیٚ. ئەیانەویٚ "توێژی ژنان" تەنانەت لە حەقیقەت دوور ڕابگرن و رێگریان بۆ پێك بهێنن. تازە هەر لەم دنیا جیاکراوەیەی توێژی ژنانیشدا هێشتا مەعلوم نیەیە بۆچی لە پێناوی چمیر مرتاح کردنو ئاسوودەکردنی ویژدانی ئەو ژنانەدا کە منالەکانیان لەبار ئەبەن، دەبیٚ ئەو ژنانەی کە پێیان وایە لە باربردنی منالٚ هەر چۆنێك بێت کارێکی تاڵە کە دەبیٚ کۆمەڵگا ڕۆژێك لێی رزگار ببێت ، بیٚ دەنگ بن و لە بەرامبەر یەکێك لە گرنگترین گرفتە فکریەکانی مێژووی بەشەریەتدا بێدەنگو بیٚ دەربەست بن. ئەگەر لە باربردنی منالٚ مافێکە، لێکۆڵینەوەو بەیان کردنی حەقیقەتیش مافێکی ترە. ئەمانە هەردووکیان بەقازانجی ژنانن. تەنانەت ئەگەر بەقازانجی بڕێك لە فیمینیستەکانیش نەبێت.

سەبارەت بە مەسەلەی کلێسا، ئەمەمان زۆر بەر گویٚ دەکەویٚ کە تێڕوانینی سلبی بەرنامە سەبارەت بەخودی کرداری لەباربردنی منالٚ، سەرباری خواستی قانونی بوونی، ئاو بە ئاشی کلێسا و باڵی ڕاستی مەزهەبیدا دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکی لەئەندازە بەدەر لاوازە. نموونەی پێچەوانەی ئەمە ئەکریٚ لەباسی پۆرنۆگرافی (فلیمی جنسی)دا ببینریٚ. فیمینیزم و کلێسا لە بەرامبەر پۆرنۆگرافیدا دوو هەڵوێستی تەواو لێك نزیکیان هەیەو تەنانەت لە خۆپیشاندانەکاندا لە تەنیشت یەکترەوە دەردەکەون. ئایا ئەکریٚ بوتریٚ نارەزایەتی فیمینستەکان لە بەرامبەر پورنۆگرافیدا دەستی کلێسا بۆ زیاد کردنی فشاری مێژوویی لەسەر ژنان و بۆ بەرگرتن بە ئازادی و خۆ دەرخستنی جنسیی ژنان ئاوەڵاٚ دەکات؟ وە ئایا ئەم نزیکایەتیە بەڵگەیەکی کافیە بۆ بێدەنگ بوونی فیمینیزم لە بەرامبەر مەسەلەی پورنۆگرافیدا؟

هەڵسەنگاندنی سلبی خودی عەمەلیەی لە باربردنی منالٚ بەتەنها قسەی ئێمە نیەیە. قسەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیە. قسەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەیە کە لە باربردنی منالٚ "هەڵدەبژێرن" و ئەشیانەویٚ قانوونی بکرێتەوە. بۆچوونی موشەخەسی خەڵك سەبارەت بە ناسنامەی ئینسانی کۆرپەلە هەر چییەك بێت، زۆربەی هەرە زۆری ئەوان هەست بەوە دەکەن کە ئەمە کارێکی دەردناکو نەخوازراوە و بەهەرحاڵ پەیوەندی بە پچڕاندنی ژیانی ئینسانیەوە هەیە. ئەوە کلێسایە کە خۆی بەم عاگفە شەریفە ئینسانیەوە هەڵدەواسیٚ و بەم ئیعتبارە ئەیەویٚ بازاڕی خۆی گەرم ڕابگریٚ. بگرە ئەوە ئەم بیٚعاگفهییو بەکەم راگرتنە بیولۆژیکیو صنف گراییە فیمینیستیەیە کە ئیجازەی ئەم ڕیاکاری و بەرز کردنەوەی ئالاٚی رێز و ئیحترام بۆ ژیانەی داوەتە دەستی دین، واتە یەکێك لە ترسناکترینو دژی ئینسانیترین دامەزراوەکانی مێژووی بەشەریەت.